# پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر – بەغدا لە عێراقی نوێدا (لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی سیناریۆکانی ئایندەی پەیوەندییەکان)

مامۆستای یاریدەدەر . تەحسین وسو عەبدوڵڵا

https://doi.org/10.17656/jlps.10335

بەشی پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکان و دبلۆماسییەت، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان / زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
tahseen.wsu@su.edu.krdra

**پوختە**

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانەوە لە نیسانی ٢٠٠٣ و بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەما و فۆرمێکی دیکە کە جیاواز بوو لە فۆرمی دەوڵەت لە ماوەی هەشتا ساڵی ڕابردوو (١٩٢١–٢٠٠٣). کورد وەک پێکهاتەیەک ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە دارشتنەوەی فۆرمی دەوڵەت لە عێراق نوێدا، بەڵام ئەم ڕۆڵ گێرانەی کورد نەبووە هۆی ئەوەی کە لە عێراقی نوێدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی ئاسایی و بێ کێشە بێت. بە پێچەوانەوە لە عێراقی نوێدا ناکۆکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە جۆرێکی دیکە خۆیان وێناکردەوە. ئەگەرچی لە دەستووردا پرسە ناکۆکەکان چارەسەرییان بۆ دانراوە بەڵام لە واقعدا نەتوانراوە بەپێی بنەما دەستووریی و یاساییەکان ناکۆکییەکان یەکلای بکرێنەوە، هەردوو یەکتری تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە پابەندی دەستوور و یاساکان نابن. لێرەدا جەوهەری ناکۆکییەکان پەیوەستە بە ڕوانگە و دیدگای جیاواز بۆ دەستوور و دەرەچە یاساییەکان، ئەمەش بۆتە گەورەترین ئاڵنگاری بەردەم پەیوەندییەکان.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە عێراقی نوێدا، هەروەها خستنەڕوو سیناریۆکانی ئایندەی پەیوەندییەکانی لەسەر بنەمای فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر بەردەوامبوونی ناکۆکییەکان و نا ئاسایی بوونی پەیوەندییەکان. ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفی – شیکارییە کە خوێندنەوە دەکات بۆ فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر پەیوەندییەکان و سیناریۆی ئایندەی پەیوەندییەکان. لەسەر بنەمای سێ سیناریۆدا ئەم توێژینەوەیە خوێندنەوە بۆ ئایندەی پەیوەندییەکان دەکات، ئەوانیش سیناریۆی ڕێککەوتن، سیناریۆی بەردەوامبوونی کێشەکان بەبێ گەیشتن بە ڕێککەوتن و سیناریۆی پچڕانی پەیوەندییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوولا. لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بەو دەرەنجامە گەیشتووە کە ئاڵنگاری گەورەی بەردەم پەیوەندییەکان خۆی لە دیدگای جیاوازی هەردوولا دەبینێتەوە بۆ میکانیزمەکانی چارەسەری ناکۆکییەکان، لەسەر ئەم بنەمایەش ئایندەی پەیوەندییەکان لە چوارچێوەی سیناریۆی مانەوەی کێشەکان بە چارەسەرنەکراوی و نەگەیشتن بە ڕێککەوتن دەمێنێتەوە.

**وشە کلیکییەکان:** هەرێمی کوردستان ، حکومەتی عێراقی فیدراڵ، خاک و سنوور ، سیناریۆی ئایندەی

## (العلاقات بين أربيل وبغداد في العراق الجديد (دراسة حول سيناريوهات مستقبل العلاقات

أ.م.تحسين وسو عبد الله

قسم العلاقات الدولية والدبلوماسية، كلية العلوم السياسية / جامعة صلاح الدين –أربيل

**الخلاصة**

بعد سقوط نظام البعث على يد الولايات المتحدة وحلفائها في أبريل ٢٠٠٣ وإعادة بناء الدولة العراقية على أساس وشكل مختلفين عن شكل الدولة في السنوات الثمانين الماضية (١٩٢١-٢٠٠٣). لعب الأكراد كمجتمع دورًا رئيسيًا في تشكيل شكل الدولة في العراق الجديد، لكن هذا الدور لم يؤد إلى علاقات طبيعية مع الحكومة الفيدرالية في العراق الجديد. على النقيض من ذلك، في العراق الجديد، تجلت النزاعات بين أربيل وبغداد بشكل مختلف. على الرغم من أن الدستور ينص على حل للقضايا المتنازع عليها، إلا أنه في الواقع لم يتم حل النزاعات وفقًا للمبادئ الدستورية والقانونية. يتهم كل منهما الآخر بعدم الامتثال للدستور والقوانين. جوهر الصراع هنا يتعلق باختلاف وجهات النظر حول الدستور والمنافذ القانونية، والذي أصبح التحدي الأكبر الذي يواجه العلاقات.

حاول هذه الدراسة بحث العوامل المؤثرة على العلاقات بين أربيل وبغداد في العراق الجديد، بالإضافة إلى تقديم سيناريوهات لمستقبل العلاقات بناءً على العوامل المؤثرة على استمرار الصراعات والاختلالات في العلاقات. هذه الدراسة هي دراسة وصفية تحليلية تدرس العوامل المؤثرة على العلاقات والسيناريو المستقبلي للعلاقات. بناءً على ثلاثة سيناريوهات، تقرأ هذه الدراسة مستقبل العلاقات: سيناريو الاتفاق، وسيناريو استمرار المشاكل دون التوصل إلى اتفاق، وسيناريو قطع العلاقات ومواجهة الطرفين. وأخيرًا، خلصت الدراسة إلى أن التحدي الأكبر الذي يواجه العلاقات يكمن في اختلاف وجهات نظر الطرفين حول آليات حل النزاعات، وعلى هذا الأساس، يبقى مستقبل العلاقات ضمن سيناريو البقاء دون حل وعدم التوصل إلى اتفاق.

الكلمات المفتاحية: إقليم كردستان، الحكومة الاتحادية العراقية، الأراضي والحدود، سيناريو العلاقات المستقبلية.

# Relations Between Erbil and Baghdad in the New Iraq (An Analysis of Future Scenarios for Relations)

**Assistant Teacher . Tahsin Wasu Abdullah**
**Department of International Relations and Diplomacy, College of Political Sciences / Salahaddin University – Erbil**

**Abstract**

After the collapse of the Ba'ath regime by the United States and its allies in April 2003 and the rebuilding of the Iraqi state on a different basis and form from the form of the state of the past eighty years. The Kurds as a community played a key role in shaping the form of the state in the new Iraq, but this role did not lead to normal relations with the federal government in the new Iraq.

In contrast, in the new Iraq, the conflicts between Erbil and Baghdad manifested themselves differently. Although the constitution provides for a solution to the disputed issues, in reality the disputes have not been resolved according to constitutional and legal principles. Both accuse each other of not complying with the constitution and laws.

The essence of the conflict here is related to different views on the constitution and legal outlets, which has become the biggest challenge facing relations.

This study attempts to present the factors affecting relations between Erbil and Baghdad in the new Iraq, as well as presenting scenarios for the future of relations based on the factors affecting the continuation of conflicts and abnormalities in relations. This study is a descriptive – analytical study that studies the factors affecting relationships and the future scenario of relationships. Based on three scenarios, this study reads the future of relations: the scenario of agreement, the scenario of continuing problems without reaching an agreement, and the scenario of breaking relations and confronting both sides. Finally, the study concluded that the biggest challenge facing relations lies in the different views of both sides on the mechanisms of conflict resolution, on this basis, the future of relations remains within the scenario of remaining unresolved and not reaching an agreement.

Keywords: Kurdistan Region, Federal Iraqi Government, Territory and Borders, Future Relations Scenario.

## ١ – پێشەکی

پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام هەڵبەز و دابەزی بەخۆیەوە بینیووە، بەو مانایەی پەیەندییەکان لەیەک ئاستدا نەبوونە، پەیوەندییەکان ئەوەندەی لە پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەتی جیاواز دەچن، ئەوەندە لە پەیوەندی نێوان هەرێمێک لەگەڵ دەسەڵاتێکی فیدراڵی ناچێت، چونکە هەردوو بەچاوێکی جیاواز سەیری یەکتر دەکەن ، ئەم جۆرە تێروانینەش وای کردووە لە هەموو کابینەکانی حکومەتدا پرسی پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان خاڵی جەوهەری بێت بۆ سەقامگیربوونی بارودۆخی سیاسی لە وڵات. سەقامگیر نەبوونی پەیوەندییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر مانەوە و نەمانەوەی کابینەکانی حکومەت. لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس چەند پەیوەندی نێوان هەرێم

و بەغدا سەقامگیر بووبێت ئەوەندەش سیاسی بەشێوەیەکی نۆرماڵ و ئاسایی بەڕێوەچووە، بە پێچەوانەشەوە ئاستی پەیوەنییەکە چەند خراپ بووبێت لەبەرامبەردا پرۆسەی سیاسیش تووشی قەیران و گرفت بۆتەوە.

**١-١- گرنگی توێژینەوە**

توێژینەوە لە بابەتی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ زانینی ئاستی پەیوەندییەکان، ڕوونکردنەوەی کێشە بنەڕەتییەکان و دیاریکردنی لایەنی خاڵە ناکۆکەکان لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش بۆ پرسەکان. لەم ڕووانگەیەشەوە لێکۆلینەوەی ئەکادیمی یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ ناوەندی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لە داهاتوودا تەکنیکی گفتووگۆ و دانوستاندنەکان لەگەڵ حکومەتی بەغدا بە جۆرێک بێت کە لە خزمەت دۆزینەوەی چارەسەر و بەرژەوەندییەکان هەرێمی کوردستان بێت.

**١-٢- پرسیارەکانی توێژینەوە**

ئایا ئایندەی پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا بەرەو چ جۆرە سیناریۆیەک دەڕوات، سیناریۆی ڕێککەوتن، یان بەردەوامی مانەوەی ناکۆکییەکان و ڕێکنەکەوتن، یاخود سیناریۆی پچڕانی پەیوەندییەکان و ڕووبەڕوو بوونەوەی توندی هەردوولا؟

**١-٣- گریمانەی توێژینەوە**

گریمانەی توێژینەوە بریتییە لەوەی کە سیناریۆی ئایندەی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا لە چوارچێوەی سێ سیناریۆی سەرەکیدایە، لەوانە؛ چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و ڕێککەوتن، مانەوەی کێشەکان بەبێ چارەسەری، سیناریۆی سێیەم تێکچوون و پچڕانی تەواوی پەیوەندییەکان. لێرەدا ئەوەی کاریگەری دەبێت لەسەر ئەم سیناریۆیانە بریتییە لە ناکۆکی دەربارەی فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر پەیوەندییەکان، ئەوانیش پرسەکانی؛ خاک، شێوازی حوکمڕانی، مافە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان، مەلەفی نەوت و گاز، پرسی بودجە، پێشمەرگە و بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵییە لە عێراق. لەسەر بنەمای فاکتەرەکانی کاریگەر و ئەزموونی بیست ساڵی ڕابردووی پەیوەندییەکان، سیناریۆی بەردەوامبوونی کێشەکان و مانەوەی بابەتە هەڵواسراوەکان بە چارەسەرنەکراوی وەک گونجاوترین سیناریۆی بەردەم ئایندەی پەیوەندییەکان بەدیدەکرێت.

**١-٤- میتۆدی توێژینەوە**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لە میانەی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو، لێکدانەوە و شیکردنەوەی گریمانەی توێژینەوەکە لە ڕێگەی میتۆدی وەسفی شیکاری بەشێوەیەکی زانستی گفتووگۆ لەبارەی بابەتی لێکۆلینەوە دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵدراوە لە ڕووانگەی واقیعگەراییەوە ناوەڕۆکی بابەتی ناکۆکییەکان و سیناریۆکانی ئایندە لە پەیوەندییەکانی هەولێر- بەغدا لێکدانەوەی بۆ بکرێت.

**١-٥- کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان**

بەشێوەیەکی گشتی بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان لە بارەی بابەتی لێکۆلینەوە پەرتووک، توێژینەوەی ئەکادیمی، جۆرناڵی زانستی و پێگە فەرمییە ئەلیکترۆنییەکان بەکارهاتوون، هەروەها بەدەر لە زمانی کوردی زمانەکانی تری وەک ئینگلیزی، عەرەبی و تورکی لە میانەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێنراون و لە ڕووانگە جیاوازەکانەوە شیکردنەوە بۆ زانیارییەکان و بۆچوونە جیاجیاکان کراوە.

**١-٦- پەیکەربەندی توێژینەوە**

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوە لە پێشەکییەک و دوو باسی سەرەکی و دەرئەنجام پێکهاتووە. لە پێشەکی توێژینەوە چوارچێوەی زانستی وەک میتۆد، گریمانە، گرنگی، پرسەکانی توێژینەوە خراوەتە بەرباس. لە چوارچێوەی باسی یەکەم ئەو فاکتەرانە خراونەتەڕوو کە کاریگەرن لە سەر پەیوەندی نێوان هەردوولا. باسی دووەم تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی سیناریۆکانی داهاتووی پەیوەندییەکان. لە کۆتایدا ئەو دەرئەنجام و ڕاسپاردانە خراونەتەڕوو کە لە میانەی توێژینەوەکە وەدەست هاتوون.

**٢- فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر پەیوەندی نێوان هەولێر - بەغدا**

بەشێوەیەکی گشتی لەدوای نەمانی ڕژێمی بەعس لە عێراق پەیوەندی نێوان هەولێر- بەغدا بەردەوام لە هەڵبەزی و دابەزدا بووە، بەو مانایەی لەسەر یەک ئاست بەردەوام نەبووە، ئەوەی وایکردووە پەیوەندییەکان بەم جۆرە بن فاکتەرەکانی کاریگەرە لە پەیوەندییەکان. لەمیانەی ئەم باسەدا ئەم فاکتەرانە خراونەتەڕوو کاریگەر بوونە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا.

**٢-١- نەوت و گاز**

ئاشکرایە کە نەوت و گازی سروشتی وەك سامانێکی نیشتیمانی لەسەردەمی هاوچەرخدا، بایەخی گرنگ و ستراتیژیی خۆی هەیە ، بەشدارییەکی کارای لە پەرەسەندن و گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری دەوڵەت و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەلانی جیهان کردووە، هەروەها ڕۆڵێکی بەهێزی هەیە لە دروستکردنی پێگەی دەوڵەتان بەگشتی. دەربارەی ئەم پرسە، دەستووری نوێی عێراق دەستوری عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٥) لە ماددەکانی (١١١) و (١١٢)، ئاماژە بە سامانی نەوت و گازی سروشتی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دەکات. بە جۆرێك دەبینین لە ماددەی (١١١)دا هاتووو؛ "نەوت و گاز موڵکی سەرجەم خەڵکی عێراقن لە هەموو هەرێم و پارێزگاکان" (دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، ماددەی ١١١ و وێبسایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی، ). ئەم ماددەیە بە دەقێکی گشتی دادەنرێت کە سامانی نەوت و گاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە. لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (١١٢)ی دەستوریشدا هاتووە؛ "حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و گازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوەدەبات بەمەرجێک داهاتەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەر بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لەسەرجەم پارچەکانی وڵات دابەش بکرێن لەگەڵ دیاریکردنی پشک بۆ ماوەیەک بۆ ئەو هەرێمە زیانلێکەوتوانەی ڕژێمی پێشوو بێبەشی کردبوون و ئەوانەش کە پاشتر زیانیان لێکەوت بەجۆرێک گەشەسەندنێکی هاوتەریب بۆ ناوچە جیاوازەکانی وڵات مسۆگەر بکات و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت. لە بڕگەی دووەمی هەمان ماددەیشدا باس لە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەت و ستراتیژیی پێویست بۆ پێشخستنی سامانی نەوت و گاز دەکات بەم شێوەیە "حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی ستراتیژی پێویست بۆ بەرەوپیش بردنی سامانی نەوت و گاز بە جۆرێک کە ببێتە مایەی دەسخستنی زۆرترین سوود و کەڵک بۆ عێراق ئەویش بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنان". (دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥، ماددەی ١١٢). کەواتە بەگوێرەی ئەم بڕگەیە، حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتی هەرێم و پارێزگەکان، لە دانانی پلان و ستراتیژییەتی سامانە نەوتییەکاندا بەشدار دەبن و، نابێت حکوومەتی فیدراڵی یەکلایەنانە بەڕێوەی ببات.

لێرەدا پرسی نەوت و گاز ی سروشتی و چۆنیەتی ئیدارەدانی وەک بابەتێکی ناکۆک لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ کاریگەری گەورەی هەبووە لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانیان.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لەلایەن ئەمریکاوە هەرێمی کوردستان لەبواری نەوت چەند کۆمپانیەکی جیاوازی جیهانی ڕاکێشا هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی وەبەرهێنان لە بواری نەوت. پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی خێرا کاری تێدا کرا و بۆ ئەم مەبەستەش پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی تایبەتی لەم بارەوە بە ژمارە (٢٢) لە ساڵی ٢٠٠٧ بە ناوی "یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان" دەکرد (بڕوانە دەقی یاساکە). دوای دەرکردنی یاساکە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی نەوتی لەگەڵ چەند کۆمپانیەکی گەورەی ئەمریکی، کەنەدی، نەرویجی، فەرەنسی، تورکی بەریتانی، ڕوسی و ئیماراتی ئیمزاکرد.

جەوهەری کێشەکانی حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم لەم دۆسیەی نەوت و گازی سروشتی خۆی لە جیاوازیی دیدگا و بۆچووندا دەبینێتەوە لە دابەشکردن و بەڕێوەبردنی ئەم سامانە سروشتییەدا، ئەمەش لە ڕێگەی تەفسیر و ڕاڤەی جیاواز بۆ بڕگە و ماددەکانی (١١١) و (١١٢)ی دەستوری عێراقدا، بە جۆرێك کە حکومەتی فیدراڵی عێراق، هەرێم بە پێشێلکار و ناشەفاف لە واژووکردنی گرێبەستەکانی و دەرهێنان و هەناردەکردن و بەبازاڕکردنی نەوت تۆمەتبار دەکات، لە بەرامبەریشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات کە بەو پێیەی دەستوری عێراق، دەستوری وڵاتیکی فیدراڵە، بۆیە دەسەڵاتی زیاتری بە هەرێمەکان و پاراستنی تایبەتمەندییەکانیان داوە، لە چوارچێوەی دەستوردا دەتوانن یاسای تایبەت بە خۆیان دەربکەن بۆ چۆنیەتی ئیدارەدانی مەلەفی نەوت و گازی سروشتی. هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا بە گوزارشتێکی تر ئەم کێشانە، بەدەر نین لە ڕەهەندی سیاسی و نەبوونی متمانە لە نێوان هەر دوو حکومەتدا (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٧). لە دۆخی نەبوونی یاسایەکی نەوت و گاز لە عێراق هەرێمی کوردستان یاسایەکی تایبەتی دەکرد بە ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ **(یاسای نەوت و گاز ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ هەرێمی کوردستان)** ئەمەش لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە یاسایەکی پێچەوانە لەگەڵ دەستوری عێراق تەفسیری بۆ کراوە بە تایبەتی دوای ڕاگرتنی ناردنە دەرەوەی نەوت لەلایەن دادگای پاریسەوە لە ئازاری ٢٠٢٣.

**٢-٢- ناوچە کێشە لەسەرەکان (ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان)**

بابەتی خاک و سنوور لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتی عێراق وەک بابەتی ناکۆک بەدیکراوە. لەڕووانگەی مێژوییەوە ئەم پرسە وەک فاکتەرێکی کاریگەر نەک تەنها لەنێوان حکومەتی عێراق و کوردەکان بەڵکو کاریگەری لەسەر پەیوەندییە هەرێمییەکانی بەغداش هەبووە. (ڕەفیق و ئەوانی تر، ٢٠١٨، ١٠)

بەشێوەیەکی گشتی لە پرسی خاك و سنوور لە نێوان هەولێر و بەغدا گوزارشتە لەو ناوچانە، کە لە دەستووری کاتی بۆ قۆناغی گواستنەوە ساڵی ٢٠٠٤ بەپێی ماددەی ٥٨ و دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ بە "ناوچە جێناکۆکەکان" ناوی بردوون کە ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، بەپێی چەند قۆناغێکی جیاواز و بە بەرنامەیەکی پلان بۆ داڕێژراو، هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیا و سنووری ئیداریی ڕووبەرێکی فراوانی لە باشووری کوردستان دا؛ ئەم ناوچانەیش دەکەونە سنووری چەند پارێزگەیەك، ئەوانیش پارێزگەکانی کەرکووك و مووسڵ و دیالە و سەڵاحەددینە(ماددەی ٥٨ لە یاسای قۆناغی گواستنەوە لە عێراق ساڵی ٢٠٠٤ و یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە جێناکۆکەکان، ٢٠١٠).

دۆسیەی خاك و سنوور لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق، یەکێکە لە دۆسیە هەرە گرنگ و چارەسەرنەکراوەکان. لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق ، لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، ماددەی 58 تایبەت بە ناوچە جێناکۆک و کێشە لەسەرەکان تەرخان کرا. دواتریش لە دەستووری هەمیشەیی عێراق،

هەمان دۆسیە لە چوارچێوەی ماددەی 140 ڕێك خرا. ئەم ماددە دەستوورییەیش بە یەکێك لەو مادانە دادەنرێت کە مشتومڕێکی زۆری لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی دروست کردووە؛ بە جۆرێك کە کاریگەری گەورەی هەبووە لە ڕەوتی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دوای ٢٠٠٣ و تا ئێستاش بەردەوامە. بە گوزارشتێکی تر ئەوەی پەیوەستە بە خاک و سنوور لەنێوان هەردوولا تا بە هەڵواسراوی ماوەتەوە و ئایندەیی چارەسەرییەکانیش ناڕوون و لێڵن(ڕەسول، ٢٠٢٠، ١٠ -١٩).

پەرلەمان و حکوومەتی هەرێم و سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، بەردەوام حکومەتی فیدراڵی عێراقیان بە سستینواندن لە بەرامبەر جێبەجێنەکردنی ئەم ماددە دەستوورییانەی پەیوەستن بە ناوچە کێشە لەسەرەکان ناو بردووە، هەروەها لە لایەکی دیکەیشەوە حکومەتی عێراق و بەرپرسە باڵا و سەرکردە سیاسییەکان هەمیشە ویستویانە ئەم بابەتە بەجێبەجێنەکردنی بەپێی تێپەڕبوونی کات کاڵ بکەنەوە و بیخەنە دەرەوەی گفتوگۆ و هاوکێشە سیاسییەکان لەم دۆسیەیەدا بە قازانجی خۆیان بگۆڕن ، نەگەڕانەوەی ناوچە کێشەلەسەرەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بکەنە دیفاکتۆ (فەرەج و حەمە، ٢٠١٨، سایتی پێنوس).

دەرئەنجامی دەستبەسەرداگرتنی بەشێکی زۆری ئەو ناوچانە لەلایەن داعشەوە وای کرد حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی دوای ئەوەی لەژێر دەستی داعش ڕزگاریکرد بەڵام دوای هەرەسی داعش لەناوچەکان هاوکێشەکە پێچەوانە بوویەوە و کێشەکە ئاڵۆزتر بوو، کە سوپای عێراقی و حەشدی شەعبی، بە زەبری هێز و پاش ڕووداوەکانی 16 ی ئۆکتۆبەر بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەی خستوتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، دوور لە بنەمای تەوافق و ڕێکارە دەستوورییەکان.

**٢-٣- پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق**

یەکێی تر لە بابەتە هەرە گرنگ و کاریگەرەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا پرسی بەشە بوجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی حکومەتی فیدراڵی عێراق، ئەم پرسە بە جۆرێک کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەدووڵا هەبووە کە هەندێکجار لەبەر ئەم هۆکارە پەیوەندییەکان گەیشتوونەتە بنبەست.

بەم جۆرە بوودجەی ساڵانەی حکوومەتی عێراق و پشکی هەرێمی کوردستان تیایدا، مژاری گەرمی ساڵانەی نێو پەرلەمانی عێراقە. لە بوودجەی خەمڵێنراوی عێراق بۆ ساڵی 2005، پشکی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی لە (8%) بۆ (10%)، دیاری کرا و، ئەم بابەتە کاردانەوەی توندی هەرێمی کوردستانی لێ کەوتەوە. لەم چوارچێوەیەدا سەرکردایەتیی سیاسیی کورد نارەزاییی خۆی دەربڕی و، لە پەیامێکدا سەرۆکایەتیی کۆمار و سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی عێراقیان لەو نادادپەروەرییە ئاگادار کردەوە؛ تیایدا داوایان کرد ڕێژەکە بکرێ بە (25%)، بەڵام دواتر پشکی (17%) بۆ هەرێمی کوردستان جێگیر کرا. بەم پێیە، پشکی (17%)ی بوودجەی گشتیی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، دەرەنجامی ڕێککەوتنی سیاسیی نێوان لایەنەکان بوو؛ هەرچەندە چەند لایەنێك ڕازی نەبوون و، بەڵگەی ئەوەیان دەهێنایەوە کە ئامارێکی ورد و گشتیی دانیشتووان نییە لە عێراقدا. لەبەر ئەوە، دەبێت لێژنەیەکی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندن و سەرژمێریکردنی دانیشتووانی تەواوی عێراق پێك بهێنرێت، بۆ ئەوەی ڕێژەی دانیشتووانی هەموو پارێزگەیەك دیاری بکرێت و دواتر پشکیان لە بوودجە بۆ دیاری بکرێت (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ٨).

سەرەڕای ئەوەی پشکی (17%)ی بوودجە بۆ هەرێمی کوردستان تاکوو ساڵی 2014 جێگیر کرابوو، بەڵام کێشەی بوودجە لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراق هەر بەردەوام بوو؛ بە شێوەیەك ئەم ناکۆکییانە گەیشتە لووتکە. ئەوەیش دوای ئەوەی کە نووری مالکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، لەسەرەتای ساڵی 2014، بە بیانووی پابەندنەبوونی هەرێمی کوردستان بە هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆ و ناشەفافی و ڕادەستنەکردنی داهاتەکانی

نەوت و گومرگی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بە بەغدا، بە بڕیارێك بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستانی ڕاگرت (Aygün, 2021, 7).

شایەنی باسە لە ئێستادا بوودجەی هەرێم کەم کراوەتەوە بۆ 12% و، هەرێمیشی پابەند کردووە بە فرۆشتنی نەوتەکەی لە ڕێگەی کۆمپانیای "سۆمۆ"وە و پاشانیش ڕادەستکردنی داهاتەکانی بە حکوومەتی فیدراڵی هەروەها بەپێی بڕیاری دادگای باڵای ئیتیحادی کە لە ١٥ی شوباتی ئەمساڵ دەریکردوو و تێیدا نادەستووریی بوونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی دیاریکردووە، حوکمەکانی بڕیارەکە لە چوار خاڵ پێکدێ (یاسین، ٢٠٢٢، ئاژانسی ئەنادۆل):

- نادەستووریبوونی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی.
- پابەندکردنی حکوومەتی هەرێم بە ڕادەستکردن تەواوی بەرهەمی نەوتی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تر کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم نەوتیان لێ دەردەهێنێت و ڕادەستکردنی بە حکوومەتی فیدراڵیی.
- سکاڵاکار مافی ئەوەی هەیە بەدواداچوون بکات بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو گرێبەستە نەوتیانەی کە حکوومەتی هەرێم و نوێنەرەکەی سکاڵالێکراو (وەزیری سامانە سروشتییەکان) لەگەڵ لایەنە دەرەکی و دەوڵەت و کۆمپانیاکان سەبارەت بە دۆزینەوەی نەوت و دەرهێنانی و هەناردەکردن و فرۆشتنی ئیمزای کردووە.
- پابەندکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوەی ڕێگا بە وەزارەتی نەوتی عێراق و دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵیی بدات پێداچونەوە بە هەموو ئەو گرێبەستە نەوتییانەدا بکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرباری هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت و غاز، ئیمزای کردوون، بەمەبەستی وردبینیکردنیان و دیاریکردنی مافە داراییەکانی کە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایە، هەروەها پشکی هەرێم لە بوودجەی گشتیدا دیاریی بکرێت بەجۆرێك گەیشتنی بە هاووڵاتیانی پارێزگاکانی هەرێم گەرەنتی بکات.

**٢-٤- پێشمەرگە**

لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق پێشمەرگە وەک هێزێکی یاسایی لەچوارچێوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٤ بەپێی بڕگەی 5 لە ماددەی 121دا هاتووە؛ " هەرچی پەیوەندی بە بەڕێوەبردنی هەرێمەوە هەیە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمدایە بەتایبەتی پێکهێنان و ڕێکخستنی هێزەکانی ئاسایش ناوخۆی هەرێم وەک پۆلیس و ئاسایس و پاسەوانی هەرێم"(ماددەی ١٢١ دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥). کەواتە لێردا وەکو هێزی پاراستنی سنووری هەرێمی کوردستان و سیستەمی بەرگریی عێراق، ئاماژە بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات. بەڵام بودجەی هێزی پێشمەرگە و ژمارەی ئەم هێزانە، سەرچاوەی کێشە و ناکۆکیی زۆری نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی عێراقە.

حکوومەتی هەرێم بەبەردەوامی جەختی لەوە کردۆتەوە کە ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە زیاترە و، بەو ڕێژەیە ڕازی نییە کە حکوومەتی فیدراڵی دیاری کردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوای تەرخانکردنی بودجەی هێزی پێشمەرگە لە بودجەی وەزارەتی بەرگریی عێراق دەکات. پرسی داننەنان بە هێزەکانی پێشمەرگە وەکوو هێزێکی یاسایی کوردستان و تەرخاننەکردنی بودجەی ئەو هێزانە، بۆ ئەقڵییەتی سیاسیی سەرکردە سیاسییەکانی حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق دەگەڕێتەوە، کە ترسیان لەو هێزانە هەیە، وەك هەنگاوێك بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتری هەرێمی کوردستان لە ڕووی سەربازییەوە، بە مەترسیی دادەنێن (ونغ، ٢٠٠٥، صحيفة الشرق الاوسط).

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە ئەم ماددە دەستوورییە وەك پێویست جێبەجێ نەکراوە؛ بۆ نموونە ئەوەی پەیوەندیی بە پێشمەرگەوە هەیە، کۆمەڵێك کێشە و ناکۆکی لە نێوان هەر دوو حکوومەتی هەرێم و فیدراڵیدا هەن، کە گرنگترینیان خۆی لە

بوودجەی هێزی پێشمەرگە و ژمارەی ئەم هێزانە و پرچەککردن و مەرجەعییەتەکەیاندا دەبینێتەوە؛ بە جۆرێك حکوومەتی هەرێم بەبەردەوامی جەختی لەوە کردۆتەوە کە ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە زیاترە، بەو ڕێژەیە ڕازی نییە کە حکوومەتی فیدراڵی دیاری کردووە. لەگەڵ ئەوەیشدا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوای تەرخانکردنی بوودجەی هێزی پێشمەرگە و چەك و جبەخانە لە بوودجەی وەزارەتی بەرگریی عێراق دەکات ، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم مەرجەعی ئەم هێزانە سەرۆکی هەرێمە، بەو پێیەی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانە لە هەرێم. حکوومەتی فیدراڵییش بوودجە و ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە بەو شێوەیەی حکوومەتی هەرێم داوای دەکات ڕەت دەکاتەوە و هیچ جۆرە چەك و جبەخانەیەکیشیان بۆ دابین ناکات و جەختیش لەوە دەکاتەوە، پێویستە مەرجەعی ئەم هێزە سەرۆکوەزیرانی عێراق بێت، بەو پێیەی بەگوێرەی دەستوور فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی عێراقە. سەبارەت بە دەستێوەردانی سوپایش لە کاروباری سیاسیدا، ئەوا دەکرێت بڵێین ئەو مادده دەستوورییە بەزەقی پێشێل کراوە. بۆ نموونە پێکهێنانی هێزەکانی حەشدی شەعبی، کە هێزێکی عەقائیدیی مەزهەبییە و، پەیوەستکردنیان بە هێزی بەرگری و سەربازیی عێراقییەوە، یەکێکە لە مەترسییەکان. ئەمە جگە لەوەی سوپای عێراقی و حەشدی شەعبییش، بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە و ناکۆکییە سیاسی و یاساییەکان بەکار هێنراون؛ دیارترین نموونەیش پرسی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە جێناکۆکەکان بوو لە لایەن ئەو هێزانەوە (ئەحمەد، ٢٠١٦، سایتی پێنوس) .

**٢-٥- بەڕێوەبردنی دەوڵەت و سیستەمی فیدراڵیزم**

بەو پێیەی دەسەڵاتەکان لە سیستەمە فیدراڵییەکان بۆ سەر دوو ئاستی فیدراڵی و هەرێمی دابەش دەکرێن، بۆیە لە بەشی هەرە زۆری دەوڵەتە فیدراڵییەکاندا، دەسەڵاتی یاسادانان دووئەنجومەنییە. هەر بۆیە لە ڕووی تیۆرییەوە وا گریمانە دەکرێت کە ئامانج لە پێکهێنانی ئەنجومەنی یاسادانانی دووەم، بریتییە لە نوێنەرایەتیکردنی هەرێمەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان. ئەوەی پەیوەستە بە عێراقەوە ئەوەیە، کە بەگوێرەی ماددەی (٦٥) لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، دەبێ ئەنجومەنێکی یاسادانان، بە ناوی ئەنجومەنی فیدراڵی (مجلس الإتحاد) پێک بێت، کە نوێنەری هەرێم و پارێزگە ڕێکنەخراوەکان لەناو هەرێم لەخۆ دەگرێت. هەروەك پرسی پێکهێنان، مەرجەکانی ئەندامێتی و دەسەڵاتەکانی ئەم ئەنجومەنەی، گرێ داوەتەوە بە دەرچوواندنی یاسایەکی تایبەت، کە دەبێ بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەربچێت(بڕوانە ماددەی ٦٥ لە دەستووری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥). بەڵام دوای بواری کردەییدا هیچ ئاماژەیەک بەدینەکراوە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بابەتە، سەرەڕایی تێپەڕبوونی ١٧ ساڵ بەسەر پەسەندکردنی دەستوورەکە، جگە لە دەقێکی ڕووت هیچ ئاسەوارێکی ئیجابی بوونی نییە ( زەنگەنە، ٢٠١٨، ١١).

لەسەر ئەم بنەمایە و بە وردبوونەوە لە بنەماکانی سیستەمی فیدراڵی، دەبینین پرەنسیپ و بنەما گرنگەکانی فیدراڵی لە عێراق بوونیان نییە، تا لە سایەیاندا مافەکانی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو فیدراڵییەتە دەستەبەر بکرێت، چونکە دەتوانین بڵێین عێراق تاکە وڵاتێکی فیدراڵییە کە تەنیا یەك هەرێم لەخۆ دەگرێ، ئەویش هەرێمی کوردستانە و بەپێچەوانەی هەموو هەرێمێکی ناو دەوڵەتانی فیدراڵیش سنووری دیاریکراو نییە. بۆ بەرجەستەکردنی بەشداریی کارای ئەو هەرێمەیش لە حکومەتی فیدراڵی ناوەندا دامەزراوەی پێویست نییە، وەك زۆربەی وڵاتانی فیدراڵی کە خۆی لە ئەنجومەنی دووەمی دەسەڵاتی یاسادانان دەبینێتەوە و لەسەر بنەمای نوێنەرایەتیکردنی هەرێمەکان بەیەکسانی پێك دەهێنرێت. بژاردەی فیدراڵیبوون تا وەکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت جگە لە پێکهاتەی کورد و هەرێمی کوردستان هیچ پێکهاتە و لایەنێکی تری نێو پرۆسەی سیاسی عێراق نییە کار

بۆ چەسپاندن و جێگیرکردنی بدات، بۆیە ئەستەمە بتوانرێت فیدراڵیزم وەک سیستەمێک بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە عێراق پیادە بکرێت (Iraq Energy Institute).

لێکدانەوە و خوێندنەوەی جیاواز بۆ برگە و ماددەکانی دەستوور و، نەبوونی متمانەی سیاسی و پابەندنەبوون بە ڕێککەوتننامەکانی نێوانیان، بە دیوی دووەمی کێشە و گرفتەکانی نێوان هەر دوو حکوومەتی ناوبراو دادەنرێت، کە ڕۆڵی دیار و بەرچاویان لە چارەسەرنەبوونی کێشەکاندا هەیە. لە کۆتاییدا، کێشەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی، ڕەگێکی مێژووییان هەیە و، نەبوونی هەوڵ و ئیرادەیەکی جددی لە لایەن هەر دوو لاوە، چارەسەرکردنی تەواوی دۆسیەکانی ئەستەم کردووە.

## ٢-٦- پشکی کورد لە دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان

لە برگەی آ / خاڵی یەکەم لە ماددە ٩ی دەستووری هەمیشەیی عێراقساڵی ٢٠٠٥ بە ڕوونی ئاماژە دەکات بەوەی کە دەبێت سوپای وڵات بە شێوەیەکی هاوسەنگ نوێنەرایەتیی هەموو پێکهاتەکان بکات بەبێ هەڵاوێردن و پەراوێزخستنی هیچ پێکهاتەیەک، هەروەها سوپا نابێت دەست کاروباری سیاسی وڵات وەربدات و سوپا بە هیچ شێوەیەک نابێت بەشێک بێت لە ئالوگۆڕی دەسەڵات نییە (بڕوانە ماددە ٩ی دەستووری هەمیشەیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥).

ئەوەیشی پەیوەندیی بە سوپاوە هەیە ئەوەیە، کە لە ڕووی ڕێژەی کورد لە سوپای عێراقیدا، هاوسەنگی نییە؛ بە جۆرێك بەپێی هەندێك ئاماری نافەرمی، ئەو ڕێژەیە ناگاتە 5%ی کۆی سوپای عێراق. ئەگەرچی بەپێی ڕێژەی دانیشتوان پێویستە پشکی کورد لە دامودەزگا ئەمنییەکان لە ١٧٪ بێت بەڵام هیچ کاتێک ڕێژەی کورد لە نێو سوپا و دامەزراوە ئەمنییەکان نەگەیشتوتە ئەو ڕێژەیە لە باشترین حالەتا ڕێژەی کورد لەنێو سوپا و دەزگا ئەمنییەکان گەیشتە ١٣٪ لە قۆناغەکانی پێش ساڵی ٢٠١٤، ئەو کات سوپاسالاری عێراق و جێگری وەزیری ناوخۆی عێراق و بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی عێراق کورد بوون، بەڵام دوای وەرگرتنەوەی ئەم پۆستانە لە کورد جارێکی بە کورد نەدراونەتەوە. جگە لەو پۆستە ئەمنییانەی کورد کە بەغدا لە کوردی وەرگرتوونەتەوە، بەشێک لە پۆستەکان لە لایەن کورد خۆیەوە بە بەتاڵی ماونەتەوە و بە هۆی ناکۆکیی هەولێر و بەغدا پڕ نەکراونەتەوە (هانەدنی، ٢٠١٨، ٣).

پرسی پشکی کورد لەنێو سوپا و هیزە ئەمنییەکان وەک یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا کاریگەری لەسەر ئاست و شێوازی پەیوەندییەکان لە ئێستا و ئایندەشدا دەبێت. هەرێمی کوردستان دەیەوێت ئەو پۆستانەی لە دوای ٢٠٠٣ لەبواری ئەمنی و سەربازییەوە لەدەستی دابوون و لێوەرگیراونەتەوە، دووبارە وەریانبگرێتەوە بەڵام لە بارودۆخی ئێستای عێراق ئەمە ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی هاوکێشەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە، ئەم گۆڕانکاریەش گرفت و تەگەرەی زۆر دروست دەکات لەبەردەم هەرێمی کوردستان بۆ دووبارە خۆ بەهێزکردنەوە لەنێو دامەزراوە سەبازی و ئەمنییەکان.

## ٢-٧- بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراق

دادگای باڵای فیدڕاڵی بەرزترین دەسەڵاتی دادوەرییە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا، کە چاودێری لەسەر دەستوریبوونی یاساکان دەکات لە کاتی بوونی ناکۆکی لە نێوان هەرێمەکان لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی، یان لە نێوان خودی هەرێمەکانی خۆیاندا. ئەمەش وای کردووە کە ئەم دادگایە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ و چارەنوسساز بێت لە دەوڵەتی فیدڕاڵییدا، بەتایبەت.(البصيصي، 2013، ص256 –293) لە دەوڵەتی فیدڕاڵییدا پرسی دابەشکردن و دیاریکردنی دەسەڵاتەکان (مسألة توزيع وتحديد السلطة) لە نێوان حکومەتی ئیتحادی و هەرێمەکان، مەسەلەیەکی جەوهەری و سەرەکییە. بە گوزارشتێکی دیکە، بنەما یان کۆڵەکەی

سەرەکی دەوڵەتی فیدراڵی بابەتی تایبەتمەندی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ئیتحادی و هەرێمەکانە. لێرەدا ئەگەر ئامرازێک نەبێت کە زامنی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بکات لە پێناو دروست نەبوونی ناکۆکی و چارەسەرکردنی کێشەکان ئەوا بەردەوام تێکەڵییەک دروست دەبێت لە نێوان دەسەڵاتی ئیتحادی و هەرێمەکان، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات هەریەکەیان دەستدرێژی بکەنە سەر دەسەڵاتی یەکترو مافی یاسایی یەکتر پێشێل بکەن، لە حاڵەتێکی ئاوادا دەوڵەتی فیدارڵی بەردەوام نابێت (حسن، 2023، ص2).

بێگومان لە سیستەمە فیدراڵییەکاندا، دادگای باڵای فیدراڵی، ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە پارێزگاریکردنی دەستوری فیدراڵی. ئەم پارێزگاریکردنە بەو مەرجە دەبێت کە ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵی، کەسانی سەربەخۆو بە تواناو بێلایەن بن، دادوەری بوێرو ئازاو راستگۆبن. واتە لە کاتی کارکردنیان بۆ یەکلایکردنەوەی ناکۆکییەکان، چ ناکۆکییەکانی ناوخۆی حکومەتی ئیتحادی بێت، یاخود ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی ئیتحادی و حکومەتی هەرێمەکان بێت، بە چاوێکی بێلایەن و سەربەخۆیانە لێیان بڕوانێت و نەکەوێتە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی هیچ حیزب و کەسایەتییەکی سیاسی و ئاینی و مەزهەبێکی دیاریکراو. لە خوارەوە گرنگترین ئەو بڕیارانە دەخەینەڕوو کە پەیوەست بوونە بە هەرێمی کوردستان (الموقع الرسمي المحكمة الاتحادية العليا في العراق: قرارات.):

- دوو بڕیاری تایبەت بە ئەنجامدان و هەڵوەشانەوەی دەرئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥؛ بە ژمارە ١٢٢/فیدڕاڵی/٢٠١٧ و ژمارە ٨٩و٩١و٩٢و٩٣/فیدڕاڵی/٢٠١٧.
- بڕیاری تایبەت بە نەوت و گازی هەرێمی کورستان (هەڵوەشانەوەی یاسای نەوت و گاز ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ هەرێمی کوردستان)، بڕیاری ژمارە ٥٩ / فیدڕاڵی/ ٢٠١٢ ، ١١٠ /فیدڕاڵی/ ٢٠١٩.
- نادەستووریبوونی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ بە بڕیاری ژمارە ١٥٦، ١٦٠/ فیدڕاڵی/٢٠٢٢.
- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ناردنی (٢٠٠) ملیار بۆ هەرێم بە بڕیاری ژمارە١٧٠ /فیدڕاڵی/ ٢٠٢٢ بە پاساوی ئەوەی ئەم بڕیارانە پێچەوانەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢١ و یاسای ئیدارەی مالی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ هەروەها پێچەوانەی بڕگەی سێیەمی ماددەی (٨٠) دەستورە.
- نایاسایی بوونی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ژمارە ١٣٣/ ٢٣٩، ٢٤٨، ٢٥٣/فیدڕاڵی/ ٢٠٢٢.
- کۆتایی هێنان بە چالاکی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان بەژمارە ١٢٤/فیدڕاڵی/٢٠٢٣.
- ڕەتکردنەوەی دامەزراندنی دادگەی تایبەت لە هەرێمی کوردستان بە تاوانەکانی چەکدارەکانی داعش بە ژمارە ٧١/ فیدڕاڵی/٢٠٢١.
- نادەستووریبوونی مادە (١٨) لە یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ تایبەت بە هەمواری باری کەسێتی عێراقی لە هەرێمی کوردستان بە ژمارە ٤٧/فیدڕاڵی/ ٢٠٢٢.
- نادەستووریبوونی ماددە(٤٦) لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ بە ژمارە ١٤٣/فیدڕاڵی/٢٠١٨.
- ڕوونکردنەوەی مانای دەستەواژەی ناوچە جێناکۆکەکان بە ژمارە ١١٣/فیدڕاڵی/بەیان/٢٠١٧.
- ڕەتکردنەوەی کاندیدبوونی هۆشیار زێباری بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار بە ژمارە ١٧/فیدڕاڵی/ ٢٠٢٢.

دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق لە ڕوانگەی هەرێمی کوردستانەوە دووچاری چەندین گرفتی وقووڵ بۆتەوە بە جۆرێک ڕووانگەیەک دروست بووە لە بەرامبەر ئەم دادگایە کە ئیدی دادگاکە وەک کارتێکی سیاسی و حیساباتی کەسی و گرووپی دەبینرێت، لێرەدا هەندێک لەو کێشانە دەخەینەڕوو کە دادگاکە لە کاتی ئێستادا دووچاری بووە:

- یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی سیستەمی سیاسی بەگشتی لە عێراق بریتییە لەوەی کە پێکهاتە جیاوازەکان هەر یەکەیان بە جۆرێک کاری سیاسی دەکەن کە گومانیان لە بارامبەرەکەیان هەیە، دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق لە ئێستا گیرۆدەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بووە و ناتوانێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بڕیار لەسەر ئەو داواکاری و سکاڵایان بدات کە ئاراستەی دەکرێ، بەتایبەت ئەگەر هاتوو بابەتی داواکارییەکە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەبێت.
- دادگای باڵای فیدراڵی لە وڵات وەک یەکێک لە ڕەمزە سەرەکییەکان و پایەکانی ڕاگرتن و جێگیرکردنی سیستەمی فیدراڵی دەبێت وەک پارێزە و بەرگریکاری ئەو جیاوازیانە بەدی بکرێت، بەڵام ئەوەی لە واقعی عێراق ڕوودەدات دەربارەی ئەم دادگایە لە جیاتی ڕێکخستنی جیاوازییەکان، بریتییە لە تەسفیە حیساباتی جیاوازییەکان و ڕەتکردنەوەیان.

### ٣- سیناریۆکانی داهاتووی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا

ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر – بەغدا وەستاوەتە لەسەر ئەو فاکتەرانەی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لە سەر ناکۆکییەکان. واتە ئەو فاکتەرانە بەرمەبنای ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا پێکدێنن. ئەگەر هاتوو ئەو پرسە هەڵواسراو و کەڵەکەبووانەی چەندین ساڵی ڕابردوو بە ئاراستەی چارەسەری هەنگاو بنێت ئەوا ئاسۆی پەیوەندییەکان بەرەو ئیجابی بوون دەڕۆن، بە پێچەوانەشەوە پەیوەندییەکان بەرەو تونێلێکی تاریک دەڕۆن. لێرەدا بۆ شیکردنەوەی ئایندەی پەیوەندییەکان چەند سیناریۆیەک دەخەینەڕوو، هەر سیناریۆکەیش پشت بەچەند هۆکارێک و فاکتەرێک دەبەستێت.

#### ٣-١- سیناریۆی یەکلایکردنەوەی ناکۆکییەکان لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە

هەردوولایەن (هەولێر وبەغدا)، سیناریۆی ڕێکەوتن بۆ چارەسەری کێشە کەڵەکەبووەکانی نێوانیان وەکو چارەسەرێکی مامناوەند وگونجاو دەبینن دەبینن لەسەر بنەمای دەستوریی، بەو مانایەی هەردوولایەن بەردەوام جەخت لەسەر میکانزمی ئاشتی بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان بە چارەسەری گونجاو دەزانن، بەڵام لە سەر وردەکاریی پرسەکان ناکۆکی و بۆچوونی جیاواز بەدیدەکرێت (گۆران و ئەوانی دیکە، ٢٠٢١، ل١٠-١٢).

ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە ئاراستەی ئەم سیناریۆیە چەند هۆکارێکی لەپشتە لەوانە:

- هەردوولا پێویستیان بەیەکترە بۆ ئەوەی بەیەکەوە پرۆسەی سیاسی لە عێراق بەرەو پێش ببەن، ئەو بنەمایەی کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ دەوڵەتی تازەی عێراقی لەسەر بنیاتنرا ببێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ بەیەوە کارکردن، لە هەمان کاتیشدا گۆڕانکارییەکانی ناوچەییش لە بەرژەوەندی جێبەجێبوونی ئەم سیناریۆیە دایە.
- عێراق لەڕووی ئەمنییەوە لەبەردەم تەحەدی گەورەدایە، بەتایبەتی دوای ڕووداوە خێراکانی ناوچەکە و پرسی دووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆر، ئەمەش وا دەکات حکومەتی فیدراڵی بەغدا بە ئاراستەی جێبەجێکردنی ئەم سیناریۆیە کار بکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەیەکەوە بەرەو ڕووی ئەم تەحەدییە ببنەوە.

- هەردوولا نیەتی رێککەوتنیان هەیە بۆ ئەوەی بەکەوە تەحەدییە سیاسی و ئابوورییەکان تێبپەڕێنن. ئەمەش بەردەوام لەلایەن بەرپرسانی باڵای هەردوولا جەختی لەسەر دەکرێتەوە و گفتوگۆی هاوبەش و دانوستاندنی بەردەوامیش لە نێوانیاندا بەدیدکرێت.
- کاریگەری فاکتەری نێودەوڵەتی، بەتایبەتی ئەمریکا، نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا، زیاتر بە ئاراستەی ئەم سیناریۆیە بەدیدەکرێت، بەردەوام هەردوولا هاندەدن بۆ ئەوەی ناکۆکییەکانی نێوان چارەسەر بکەن لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە.

سەرەڕایی ئەو فاکتەرانەی کە یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق لە ئاییندەدا بگەنە ڕێکەوتن بەڵام کۆمەڵێک ئاڵنگاری هەن کە سیناریۆی ڕێککەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکان ڕەتدەکەنەوە لەوانە:

- بێ متمانەی لەنێوان هەردوولا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ چەندین جار هەولێر و بەغدا ڕێککەتوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع ڕێکەوتنەکان جیبەجێ نەکراون، هەر یەکەیان ئەوی دیکە تۆمەتبار دەکات بە هۆکاری جێبەجێنەکردنی ڕێکەوتنەکان.
- بوونی هێزی نادەوڵەتی لەدەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکان کە ڕێگری دەکەن لەوەی بەغدا و هەولێر ڕێکبکەون. ئەم گرووپانە لە ئێستادا بە گرووپی باڵادەست دادەنرێت لەسەر پرۆسەی سیاسی لە عێراق.
- کاریگەری فاکتەری دەرەکی لەسەر پرۆسەی سیاسی لە عێراق، ئەم پرسە بە جۆرێکە ئەگەر چارەسەکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ یان باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان ناکۆک بێت لەگەڵ بەرژەوەندی هێزە دەرەکییەکان بەتایبەت ئەوانەی خاوەن پێگە و هەژموونی زۆرن لە عێراق ئەوا بە ئاسانی دەتوانن ڕێگری بکەن لەم گریمانەیە.

**٣-٢ – سیناریۆی مانەوەی ناکۆکییەکان بە چارەسەرنەکراوی و بەردەوامبوونی کێشەکان**

ئەم سیناریۆیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەموو ئەو پرسانەی کە جێگەی ناکۆکین لە نێوان هەردوولا، وەک لەپێشوو ئاماژەی پێکراو بە لە ئاییندەشدا بە هەڵواسراوی و بێ چارەسەر دەمێننەوە، بەو مانایەی هەردوولا ناگەنە ڕێککەوتنی گونجاو کە ڕەوامەندی هاوبەشی هەردوولای لەسەر بێت بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی هاوبەش، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوانیشیان ناگاتە ئاستی پچڕان و پێکدادان، کەواتە بەم جۆرە بێت ئاییندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا نە لەگەڵ سیناریۆی"چارەسەرکردنی کێشەکان"، نە لەگەڵ سیناریۆی "پچڕانی پەیوەندییەکان و ڕووبەڕوو بوونەوە" دەگونجێت، بەڵکو حاڵەتی ئاییندەی پەیوەندییەکانی لەنێوان هەردوو سیناریۆدا دەمێنتەوە، واتە پەیوەندییەکان بەردەوام دەبن بەڵام کێشەکان چارەسەر نابن. ئەزموونی ڕابردوو لە پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا لە دوای نەمانی ڕژێمی بەعس لەگەڵ ئەم گریمانەیە دەگونجێت (گۆران و ئەوانی دیکە، ٢٠٢١، ل١٠-١٢).

لە چەندین وێستگەی جیاجیادا ڕێککەوتن ئەنجامدراوە، بەڵام گرفت لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنامەکان هەبووە، بۆ نموونە لەم چەند ساڵەی دوایدا لسەر چەندین مەلەف و پرسی هەستیار ڕێککەوتن ئەنجامدراوە بەڵام لەڕووی واقعییەوە ڕێککەوتنامەکان نەچوونەتە بواری چیبەجێکردنەوە، لێرەدا تەنها چەند ڕێککەوتنامەیەک ئاماژە پێدەکەین لەوانە: ڕێککەوتنی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (4ی نیسانی 2023) ڕێککەوتنیان واژۆ کرد، ڕێککەوتنێک کە لە هەندێک لێکتێگەیشتنی سەرەتاییەوە سەرچاوەی گرتبوو بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە، لە پێناو چارەسەرێکی کاتی تا یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان هەردوو لایەنەکە، کە وەک ناکۆی سیاسی دەردەکەون و لە قوڵایشدا سروشتێکی ئابوریان هەیە. بەڵام تا ئیستاشی لەگەڵدا بێت هەناردەکردنەوەی نەوت هەرێمی کوردستان دەستی پێنەکردۆتەوە. (د.سەلاح نوری، ٢٠٢٣، درەو میدیا)

### ٣-٣- سیناریۆی پچڕانی پەیوەندییەکان و ڕووبەڕوو بوونەوەی توندی هەردوولا

ئەگەر سەیری ئاست و جۆری پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بکەین لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ دەبینین هەڵبەز و دابەزی زۆری بە خۆیەوە بینیووە، بە جۆرێک هەندێک کات زۆر نزیک بۆتەوە لە جەنگ تەنانەت لە هەندێک شوێن ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیشی بەخۆیەوە بینیووە، بۆ نموونە سەردەمی نوری مالیکی سەرۆکی وەزیرانی عێراق و لەسەروبەندی ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاستی پەیوەندییەکان لە هەندێک قۆناغ بە جۆرێک بووە کە تێگەیشتنی تەواو لە نێوان هەردوولادا هەبووە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش بۆ پرسە ناکۆکەکان.

کۆمەڵێک دۆسیەی گرنگ و تایبەت هەن لە نێوان هەردوولا تا ئێستا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، لەوانە؛ بابەتی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراقدا، تەنها لە نێو یاسای بودجەدا وەک دەق جێگیرکراوە بەڵام لە بواری کرداری هیچ بودجەیەک لەلایەن بەغداوە بۆ هەرێم ڕەوانە ناکرێت، بەڵکو تەنها مووچەی مووچەخۆران بابەتی گفتوگۆی شاندەکانی نێوان هەردولایە. پرسی نەوت و گاز، یەکلایکردنەوەی خاک، چەندین پرس و بابەتی ناکۆک هەن لە نێوان هەردوولا ئەگەری تەشەنەسەندنی زیاتریان هەیە لە داهاتوودا. (لمستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة، ٢٠٢٣.)

سیناریۆی پێکدادان و پچڕانی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر – بەغدا ئەگەرچی بەبەراورد لەگەڵ سیناریۆکانی تر ئەگەری ڕوودانی کەمترە لەبەر کۆمەڵێك هۆکار لەوانە:

- حکومەتی عێراق لە نێو کۆمەڵێک کێشەی ناوخۆیدایە، کە بە گرفتی بونیادی دادەنرێن بە جۆرێک دامودەزگا و دامەزراوە سەرەکییەکانی دەوڵەتی تووشی سستی زۆر کردۆتەوە لەوەی کە توانای جەنگیان نەبێت، لەبەر ئەوەی هەر پێکدادانێک لە نێوان هەولێر و بەغدا کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر لاوازبوونی عێراق وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری. سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش لە ئێستادا بەهۆی ئەو ناکۆکی و پەرتەوازەییەکی کە لەسەر ئاستی ناوخۆیدا بەدیدەکرێت نایەوێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا بگاتە ئاستی پێکدادان و پچڕان، هەروەها ئەو گرفتانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە گرێدراوە بە بە غداوە، بۆ نموونە؛ مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان.
- ناکۆکی نێوخۆی شیعەکان لە ئێستادا بەجۆرێکە کە ڕوودانی ئەم سیناریۆیەی زەحمەتر کردووە، چونکە ناکۆکییەکانی نێو خۆیان وای کردووە لایەنەکان زۆر پێویستیان بە هەرێمی کوردستان هەبێت.
- ئەزموونی ڕابردووی عێراق لەگەڵ داعش بە جۆرێک بوو کە هەرێمی کوردستان لەڕووی ئەمنی، سیاسی و سەربازییەوە یارمەتیدەری باشی بەغدا بوو بۆ زاڵ بوون بەسەر نەک تەنها داعش بەڵکو تیرۆر بەشێوەیەکی گشتی، بۆیە هەموو کات بەغدا پێویستی بە هەرێمی کوردستان دەبێت لە ڕووی سەربازی و ئەمنییەوە، ئەمەش وا دەکات کە ئاسان نەبێت بەغدا بگاتە ئەوە ڕادەیەی کە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بپچڕێنێت.
- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکاش بە تەواوی پشتگیری لە بەردەوامبوونی پەیوەندییەکان و پێشخستنی ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا دەکەن، ئەم ڕووانگە نێودەوڵەتییە کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر بەردەوامبوونی پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا سەرەڕایی نەگەیشتیان بە ڕێکەوتن بەڵام هیچ کات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ پێکدادان و پچڕانی پەیوەنییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا نین.
- فاکتەرێکی تر لەسەر نەگرتنی سیناریۆی پچڕانی پەیوەندییەکان لە نێوان هەردوولا پەیوەستە بە تێروانینی گشتی هەردوو حکومەت کە مەیلی ئەوەی تێدا بەدی ناکرێت کە پەیوەندییەکانی نێوانیان بگاتە ئاستی پێکدادان. ئەگەرچی هەندێکجار ئاماژەی جۆراوجۆر

بەدی دەکرێن لەلایەن هێزە لە یاسا دەرچووەکان یان گرووپەکانی دەرەوەی دامەزراوە و سیاسەتی فەرمی دەوڵەت لە عێراق بەڵام پێدەچێت ئەمە زیاتر بۆ فشار دروستکردن بێت لەسەر هەرێمی کوردستان.

**٤ – دەرەنجام و ڕاسپاردەکان**

**٤ – ١ – دەرەنجامەکان**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەگەین بەو دەرئەنجامەی یەکێک لە گرفتە بنەڕەتی و بونیادییەکانی دەوڵەت بە درێژایی مێژوو لە عێراق، بریتی بووە لە ناکۆکیی نێوان دوو جۆر بیرکردنەوە، بیرکردنەوەیەك کە هەمیشە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا تەبەنیی کردووە ئەویش مەرکەزییەت و ناوەندگەرایی دەوڵەتە، ئەوی تریش پرسی لامەرکەزی و پێدانی تایبەتمەندیی پێکهاتە جیاوازەکان بووە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکاندا، ئەمە هۆکاری ئەوە بووە کە پەیوەندیی لایەنی کوردی لەگەڵ حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقدا، بەدرێژایی سەد ساڵی ڕابردوو لە هەڵبەز و دابەز و ناسەقامگیرییدا بووە.

تێڕوانینی ناکۆک و پێچەوانە دەربارەی هەر یەکە لە پرسەکانی نەوت و گاز، خاک "ناوچە کێشە لەسەرەکان/ ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی دەوڵەت، پێشمەرگە وەک بەشێک لە مەنزومەی بەرگری عێراق، چۆنیەتی ئیدارەدانی دەوڵەت و کار نەکردن بە بنەماکانی سیستمەنی فیدراڵی و پشکی کورد لە دامودەزگا و دامەزراوە فەرمییە سەربازیی و ئەمنییەکان بنەمای پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولایان پێکهێناوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣، لە ئایندەشدا چۆنیەتی تێڕوانین و ڕووانگەی هەرێمی کوردستان و حکومەنی فیدراڵی عێراق بۆ ئەم پرسانە بنەمای پەیوەندییەکانی لەسەر ڕێکدەخرێت.

قۆناغی دوای ساڵی ٢٠٠٣ پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە تاکڕەهەندییەوە گوازرایەوە بۆ فرە ڕەهەندی، بەو مانایەی پەیوەندییەکان دوای ساڵی ٢٠٠٣ فۆرم و شێوازی پەیوەندییەکان ئاڵۆزتر بوون و کۆمەڵێک بابەت و فاکتەری هاتنە نێو بازنەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. ئەمەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بنەما و پێکهاتەی دەوڵەتی نوێی عێراقەوە هەیە کە کورد ڕۆڵەکی گرنگی تێدا بینی.

بەپێی ئەزموونی ڕابردوو تا پرسەکان بە چارەسەر نەکراوی بمێننەوە بە تێپەڕبوونی کات زیاتر ئاڵۆزتر و زەحمەتر دەبن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش لەبەر ئەوەی هەم لەسەر ئاستی عێراق پرۆسەی سیاسی، هاوکێشەی سیاسی و کاراکتەرە سیاسییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، هەمیش لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان تێڕوانین بۆ پرسەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

بەگشتی ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە چوارچێوەی سێ سیناریۆی سەرەکییدا دەبێت ئەوانیش سیناریۆکانی"چارەسەکردنی کێشەکان، بەردەوام بوونی پەیوەندییەکان بەبێ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان، پچڕانی پەیوەندی و پێکدادانی ڕاستەوخۆ". لە دەرئەنجامی شیکردنەوەی جەوهەری کێشەکان گونجاوترین سیناریۆ بەپێی ئەو دۆخەی بەدیدەکرێت لە پەیوەندییەکان و گەڕانەوە بۆ ئەزموونی دوای ساڵێ ٢٠٠٣، ئەوەیە کە پەیوەندییەکان بەردەوام دەبن بەڵام کێشەکان چارەسەر ناکرێن. ئەمە ئەو سیناریۆ ئەزموونکراوەیە کە چەندین ساڵە هەولێر –بەغدا لە چوارچێوەیدا دەخولێنەوە.

**٤ – ٢ – ڕاسپاردەکان**

1. جێگیرکردنی لایەنی سێیەم لە نێو گفتوگۆ و ڕێککەوتنامەکان، هەوڵدان بۆ ئەوەی لایەنی سێیەم لە گفتووگۆ و ڕێککەوتنەکان هەبێت وەک نەتەوە یەکگرتووەکان یان دامەزراوە و ڕێکخراوێکی دیکەی نێوا دەوڵەتی لە پێناو زامنکردنی پابەندبوون بە ڕێکەوتنەکان و پێدانی ڕەهەندی نێودەوڵەتی بە پرسی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق.
2. کار بکرێت بۆ ئەوەی هەموو لایەنە کوردستانییەکان بەیەکەوە لە چوارچێوەی گوتارێکی هاوبەش و بەرنامەیەکی هاوبەش گفتووگۆ لەگەڵ بەغدا بکەن، ئەمەش بە ئامانجی بەهێزبوون و وەرگرتنی زۆرترین پاڵپشتی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان، ئەم خاڵە زامنی بەهێزی و سەنگ و قورسایی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر بەغدا زیاتر دەکات.
3. کارکردن لەسەر دەرکردنی یاسای نەوت و گاز لەسەر بنەمای بەندەکانی ١١١ و ١١٢و ١١٤ و ١١٥ دەستور، دانانی میکانیزمێکی جێگیر و بەردەوام بۆ شێوەی دابەشکردنی داهاتە نەوتییەکان و ئیدارەدانی دۆسێی نەوت و گاز لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێم و پارێزگاکان، ئەم پرسە لە وەرەقەی سیاسی ڕێککەوتنی لایەنەکانیش جەختی لەسەر کرابوویەوە کە دەبوایە لە ماوەی شەش مانگدا حکومەتی محەمەد شیاع سودانی ئەم یاسایە دەربکات.
4. بە چڕی کارکدن لەسەر هەندێک مطەف و داواکاری لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە پەیوەستن بە هەرێمی کوردستان و مافە دەستوورییەکانی لە چوارچێوەی دەستوردا، بەتایبەت ئەو بابەتانەی لە مادەکانی (٦٥، ١٠٥، ١٠٦):

- ماددەی(٦٥) ئەنجومەنێکی یاسادانان پێکدەهێنرێت کە بە (ئەنجومەنی فیدراڵی) ناودەبرێت، نوێنەرانی هەرێم و ئەو پارێزگایانە لە خۆدەگرێت کە ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە ، پێکهاتەو مەرجەکانی ئەندامێتی و بواری تایبەتمەندێتی ئەم ئەنجومەنەو هەرچی پەیوەندیدارە بەم بوارەوە بە یاسا ڕێکدەخرێت بە زۆرینەی دوو لە سێی ٢/٣ دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران.
- ماددەی (١٠٥) دەستەیەکی گشتی پێکدەهێنرێت بەمەبەستی پاراستنی مافی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە بۆ بەشداریکردنیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی حکومەتی فیدراڵی و نێردەکان و زەمالەکانی خوێندن و شاندەکان و کۆنگرە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان. ئەم دەستەیەش پێکدێت لە نوێنەرانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی سەر بەهیچ هەرێمێك نین و ئەوەش بەیاسا ڕێکدەخرێت.
- ماددەی( ١٠٦) بەیاسا دەستەیەکی گشتی بۆ چاودێریکردن و تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵی دادەمەزرێنرێت. دەستەکە لە پسپۆڕانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و نوێنەرانیان پێکدێت و ئەم لێپرسراویتیانەی هەیە:

یەکەم: دڵنیابوون لە دابەشکردنی دادگەرانەی باربوو و یارمەتی و قەرزە نێودەوڵەتیەکان بەگوێرەی پشکی هەریەکە لە هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە.

دووەم: دڵنیابوون لە بەکاربردن و دابەشکردنی داهاتی دارایی فیدراڵی بەباشترین شێوە.

سێیەم: دڵنیابوون لە هەبوونی شەفافیەت و دادپەروەری لەتەرخانکردنی پارەوپوڵ بۆ حکومەتە هەرێمیەکان و ئەو پارێزگایان کە ناکەونە سنوری هەرێمەکانەوە بەپێی ئەو ڕێژانەی بڕیاری لەسەر دراوە.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: زمانی کوردی**

- **دەستور و یاساکان**

دەستوری عێراق ساڵی ٢٠٠٥.

یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧.

یاسای قۆناغی گواستنەوە لە عێراق ساڵی ٢٠٠٤ (دەستوری کاتی بۆ قۆناغی ئیتیقالی).
یاسای دەستەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە جێناکۆکەکان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠

- **پەرتووک و بڵاوکراوە**

ڕەفیق و ئەوانی تر، ئومێد. (٢٠١٨). ئایندەی کەرکوک لەنێوان هەولێر و بەغدا، پرۆژەی هاوبەشی سەنتەری لێکۆلینەوەی ئایندەیی و سەنتەری لێکۆلینەوەی یاسایی و سیاسی کۆلیژی یاسا و رامیاری – زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

ئەحمەد، سەروەر حەمە. (٢٠٢٠). کورد و کێشە ڕیشەییەکانی عێراق، زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە ١٥٩، سلێمانی.

زەنگەنە، ئیسماعیل نەجمەدین. (٢٠١٨). ئەنجومەنی فیدراڵی؛ دەرویەک بۆ سەنگی هەرێمی کوردستان لە دەسەڵاتی یاساداناندا، زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ژمارە ٢٧، سلێمانی.

گۆران و ئەوانی دیکە، د.یوسف و ئەوانی دیکە. (٢٠٢١). ئایندەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا؛ فیدراڵییەتێکی ناجێگیر پاشخان، لایەنە کاریگەرەکان، سیناریۆ و ڕاسپاردەکان، ڕانانی ژمارە (٨)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی.

- **گۆڤار و وێبسایتە ئەلیکترۆنییەکان**

ڕەسول، عابد خالد. (٢٠٢٠). تێڕوانینە جیاوازەکان بۆ چەمکی ناوچە جێناکۆکەکان، گۆڤاری ئایندەناسی ژمارە (٣) ئەیلولی ٢٠٢٠، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی.

یاسین، بورهان.(٢٠٠٩). کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق: ئەگەر و نیگەرانی و دەرفەتەکان. http://www.burhanyassin.com/kshanewe.pdf (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٥/٢/٢٠)

فەرەج و حەمە، ئەمین و سەروەر. (٢٠١٨). ڕۆڵی ئەنجومەنی نوێنەران لە چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵی، سایتی پێنوس، http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/549-2018-09-02-18-56-38 (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٥/٢/١٩)

حەمە، سەروەر. (٢٠١٦). تێڕوانینێک لە پرس و کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، سایتی پێنوس، http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-12-28/item/887-2018-09-02-18-56-38 (ڕۆژی سەدان ٢٠٢٥/٢/١٩).

عەلی، عوسمان. (٢٠٢١). داهاتووی عێراق لە نێوان ناوەندیبوون و ناناوەندیبوون و فیدراڵیبووندا، ناوەندی لێکۆڵینەوەی روداو، https://rudawrc.net/?p=1286 (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٥/٢/١٨).

هانەدنی، سەلام. (٢٠١٨). تەنیا فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکانی عێراقی بە دەستەوە ماوە، ڕۆژنامەی ئاژانس، ژمارە (٨٠).

یاسین، هاوکار. (٢٠٢٢). قۆناغێکی نوێ بۆ ململانێی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر دۆسیەی نەوت، ئاژانسی ئەنادۆل، https://www.aa.com.tr (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٥/٢/١٨).

وێبسایتی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکی هاوبەشانە و تۆکمە و بنیاتنەر لە نێوان هەولێر و بەغدا، https://gov.krd/the-governments-mission/erbil-baghdad-relations/ (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٥/٢/٢٠).

د. سەلاح نوری عەبدولحەسەن. (٢٠٢٣). ڕاپۆرتی ناوەندی بەیان بۆ لێکۆڵینەوەو پالاندانان، وەرگێرانی درەو میدیا. https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=13290 (ڕۆژی سەردان: ٢٠٢٥/٦/٢٦)

**دووەم: زمانی عەرەبی**

الدستور العراقي لسنة ٢٠٠٥.

ألبصيصي، صلاح جبير. (٢٠١٣). " انفصال الوحدات المكونة للدولة الفيدرالية"، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية والسياسية، العدد ٢ / السنة الخامسة.

حسن، مهند فلاح. (٢٠٢٣). المبدء الفدرلي من منظور المحكمة التحادية العليا "مقربة الدستورية في النظرية والتطبيق"، مركز البيدر للدراسات والتخطيط.

ونغ، ادوارد. (٢٠٠٥). الأكراد مصرون على الاحتفاظ بالبيشمركة ويعتبرنهم حرشس حكمهم الذاتي، صحيفة الشرق الاوسط، لندن، العدد: (٩٥٨٩) ، ٢٨. ٢. ٢٠٠٥.

الموقع الرسمي المحكمة الاتجادية العليا في العراق، https://www.iraqfsc.iq/s.2023/page_5/

**سێیەم: زمانی ئینگلیزی**

Iraq Energy Institute, (2019). Opinions on Federalism Structural Construction & Resource Sharing, https://iraqenergy.org/2019/07/15/opinions-on-iraqi-federalism-structural-construction-and-resource-sharing/ (Last Visited: 18.02.2025).

لمستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة, Baghdad and Erbil; A difficult road to settling differences, 26 يناير، ٢٠٢٣https://www.futureuae.com/mar/Mainpage/Item/7962/baghdad-and-erbil-a-difficult-road-to-settling-differences . (Last Visited: 22.06.2025)

**چوارەم: زمانی تورکی**

Aygün, Feyzullah Tuna. (2021). IKBY Mali Krizi ve Bağdad – Erbil İlişkileri, Ortadoğu Araştırma Merkezi (ORSAM), https://orsam.org.tr/tr/ikby-mali-krizi-ve-bagdat-erbil-iliskileri/ (Erişim Tarihi: 17.02.2025).